با هیچ یەکێکتان شەرمگەی (عەورەتی) نەگرێت بە دەستی ڕاستی لەکاتی میزکردندا، وبا خۆی پاک نەکاتەوە بە دەستی ڕاستی لە کاتی سەرئاوکردندا، وبا هەناسە نەدات لە ناو پەرداخی ئاوخواردنەوەیدا

لە ئەبی قەتادەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «با هیچ یەکێکتان شەرمگەی (عەورەتی) نەگرێت بە دەستی ڕاستی لەکاتی میزکردندا، وبا خۆی پاک نەکاتەوە بە دەستی ڕاستی لە کاتی سەرئاوکردندا، وبا هەناسە نەدات لە ناو پەرداخی ئاوخواردنەوەیدا».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەندێك لە ئەدەبەکانی ڕوونکردووەتەوە، لەوانەیش: نەهی کردووە لەوەی پیاو ئەندامی نێرینەی بەدەستی ڕاستی بگرێت لەکاتی میزکردندا، هەروەها نەهی کردووە لەوەی پیسی پێشەوە وپاشەوە لاببرێت بەدەستی ڕاست؛ چونکە دەستی ڕاست بۆ شتی ڕێزلێنراو دانراوە، ونەهی کردووە لەوەی مرۆڤ هەناسە بدات لەو پەرداخەی ئاوی تێدا دەخواتەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3079

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee